# ستایش و لەیادکردن

**نیهاد جامی**

ستایشکردن ئەخلاقێکە لەناو کولتوری بەعسدا ڕەگی بەناو شادەمارەکانی ئۆرگانەکانی بەعسیزمدا داکوتاوە، مانەوەی مرۆڤی ئەو کۆمەڵگایە بەند بووە بە ستایشکردن، بەعس ئارەزویەکی سەیری لە ستایشکردنە، ئەو ئاکارە بەعسیە لە کۆنەستی یادەوەری گشتماندا بەشێوازی جیاواز خۆی دووبارە کردۆتەوە، سیاسیەکان و ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و پارێزەران و وەزیر و گزیر و هەریەکە و بە شێوەیەك چاوەڕوانی ستایشە، لەهەر کوێیەك قسە لە پرۆژەیەك کرا لەدەرەوەی ماناکانی ستایش مانای لە یادکردن وەردەگرێت، بەلاّم ئایا لەیادکردن هەمیشە چەمکێکی بایەلۆژی جەستەیی هەیە؟ ئەو کاتەی  ووتاری (با ئەحمەد سالار لەیاد کەین) مان نووسی، کە ناونیشانی ووتارەکە لە ناونیشانی ووتارێکی بۆدریار وەرگیرا بوو بەناوی (با فۆکۆ لەیاد کەین) بۆدریار لەنوسینەکەیدا بەدوای تازەگەریەك دەگەڕێت لەدەرەوەی فۆکۆ.

ئێمە هەوڵمان دابوولەسەر ئەو چەمکە ئیش بکەین کە تازەگەری شانۆییمان چۆن لە دەرەوەی ئەزمونی (ئەحمەد سالار) ەوە سەیر بکەین، بەو پێیەی کە ئیتر لەزەمەنی گلۆبالیزەیشندا ناتوانین لەڕێگەی کەلەپورەوە قسە لە تازەگەری بکەین، لەو نێوەندەدا شانۆگەریەکانی ئەحمەد سالارمان بەنمونە هێنایەوە، بەلاّم ئەوەی سەیر بوو هونەرمەند ئەحمەد سالار لەدیمانەیەکی ڕۆژنامەی جەماوەر دڵگرانی خۆی نیشان داوە، ئەو واتێدەگات لەیادکردن چەمکێکی بایەلۆژیی جەستەییە، بۆیە دەڵێت" خەڵك بۆ مردوو وادەڵیٚ، بەلاّم من هێشتا لە شادەمارەکانی خوێنما خوێنێکی زیندووی هونەریم لێئەترووکێت"

بەر لە وەلاّمی ئەو پەرەگرافە ئەوە دەڵێم کە من ئومێدێکی گەورەم بەم هونەرمەندە هەبوو، بەلاّم لەو ساتەی کە ئەو نوسینەی تیا دەنووسم هیچ ئومێدێکم بە ئەحمەد سالار نەماوە، بەڵکو ئیدی ئەو ئازادە لەوەی هەر چیەکی تر بڵێت، چونکە بەڕاستی توشی سەرسوڕمان دێین، کاتیٚ ئێمە دەمانەویٚ لەیادکردن لە چەمکێکی فەلسەفیەوە  بێنینە ناو نوسین ئەو واتێدەگات دەمانەویٚ خۆی لەیادکەین، ئەو کاتانەی بەرامبەرەکانمان واحاڵی دەبن، ئیتر دەرفەتێك بۆ دەیالۆگ نامێنیٚ، لەیادکردن لەو چەمکەی ئێمە مەبەستمان بوو دابڕان بووە بەمەبەستی گەڕان بەدوای ئەزمونی جیاواز، نەك ئەو دەستەواژە کۆمیدیەی پێمان دەڵێت"خەڵك بۆ مردوو وادەڵێن" من ئەحمەد سالار لە میشێل فۆکۆ بە گەورەتر نازانم، بەلاّم لە بنەڕەتدا هەڵەکە لەو شوبهاندنە گەورەییە کە من کردوومە ئێستا لێی پەشیمانم، چونکە هونەرمەندەکەی ئێمە لەدەرەوی مەعریفە و تێکستەوە قسە دەکات. مامۆستا لەوەیان دەبێت بمبورێت کەمن لەو ووتارەدا هێندە گەورەم کردبوو.

من دڵنیام ئەحمەد سالار ووتارەکەی منی نەخوێندۆتەوە، بەڵکو ئەو پاشماوە سەلەفیە بۆیان باس کردووە کە دەیانەویٚ لەڕێگەی ناوەکانی ترەوە زیندوویەتی بەخۆیان ببەخشن، کە حاڵ وا بڕوات ئەحمەد سالاریش دەبێت بەیەکێك لەوان، ئەوەیان جێگای خۆشحاڵی نیە، نەخێر بەڵکو

جێگەی ئەوپەڕی خەمباری منە، بۆچی دەڵێم مامۆستا ئەو ووتارەی نەخوێندۆتەوە؟ پێویستە ئەوە بسەلمێنم، کاتێ وادەڵێم چونکە چوارچێوەی گشتی ئەو نوسینە زۆر بەفراوانترە لەوتارێکدا بەناوی "چەمکی ئاهەنگ لە شانۆی سالار" بڵاوکراوەتەوە، مامۆستا بەشانازیەوە لەناو کتێبەکەی خۆی جارێکی تر بڵاوی کردۆتەوە، کە لەوێش ئامارژە بۆ ئەوە کراوە بەشی دووەمی ئەونوسینە بەناوی با ئەحمەد سالار لەیادکەینە لەداهاتودا بڵاو دەبێتەوە، ئەوەی لەئێستاشدا ئەوی نیگەران کردوە تەواوی نوسینەکە نەبوو بەڵکوئەوەیان تەنها بیرۆکەی نوسینەکە بوو، چونکە لێکۆڵینەوەیکی فراوانە و دەکرێ لەگۆڤارێکدا یان لەشێوەی نامیلکەیەك بڵاوبکرێتەوە.

ئەگەر سالار بیەوێ پێمان بڵێت کە ئەو ووتارەکەی خوێندۆتەوە ئەوە لەگەڵ خۆشەویستی هەمیشەییم بۆ مامۆستا دەبێت بڵێم کە لە کاتی خوێندنەوە ناونیشانی ووتارەکە توشی حالەتێکی سایکۆلۆژی خراپی کردووە، چونکە ئەو تۆمەتەی ئەو دەیداتە پاڵ من لەبنەڕەتدا قسەی من نیە نازانم کام پاشماوەی دەنگە نوساوەکانی سەلەفیەت وایان تێگەیاندووە کە من ئەوم بە لاسایی کەرەوەی عەبدولکەریم بر شید ناوبردووە، ئەوەتە من وتبووم "ساتەوەختی ئەو ئەزمونە کورتکرایەوە بۆ شانۆی ئاهەنگسازی مەغریبی، وەك ئێستا هەر ئەو کەسانە بە شانۆی تازەگەری ناوی دەبەن" تێگەیشتنەکە هێندە ڕوونە مەگەر تەنها کەسێك بیەوێ بیەوێ تۆمەتمان بخاتە پاڵ، بەڵام با بۆ سالار زەقتری بکەمەوە، ئەو قسەیەی ئێمە مانای وایە ئەوانەی ئەمڕۆ بە ئەحمەد سالار دەڵێن تازەگەر ئەوکاتە بەلاسایی کەرەوەی شانۆی مەغریبی ناویان دەبرد، مامۆستا سالار هیچ چارەیەکی لەبەردەمدا نیە دەبێت خۆی ڕاست بکاتەوە، خەوشێك لەوەدانیە لە کاتی هەڵەکردن بەخۆماندا یبچینەوە، خەوش لەبەردەوامی هەڵەکردنە، بادێرێکی تری نوسینەکە بیر مامۆستا بێنمەوە"چەمکی ئاهەنگسازی چەمکێك نەبوو لەم شانۆیەدا لەئەزمونی مەغریبیەکانەوە نزیك بێت" دەی مامۆستا ئەوە مانای ئەوەیە من وتومە تۆ لاسایی دەکەیتەوە، ئیدی من کارم بەوە نیە کە تۆ خۆت ئەو تۆمەتانە هەڵدەبەستی یا قسەکانی منت وا بۆ تەفسیر دەکەن، گرنگ ئەوەیە تۆ ئەو متمانەیەت لای من لەدەستدا ئەوەی هۆکاریشە قسەکانی دیمانەکەتە، تائێستاش سەیرم بەو قسانەت دێت کاتێ بیرم دێتەوە حەیف بۆ شانۆکارێك دەخۆم کە خاوەنی پڕۆژەی شانۆیی بێت وا بیر بکاتەوە، زۆر ڕاستگۆیانە پێت دەڵێم بەخۆت بچۆرەوە و بیر لەوە بکەوە کەوتوتە